# شیکاری ناوی شاکارێکی ئەرنست هیمنگوەی



حەکیم کاکەوەیس

یەکێ لە شاکارەکانی ئەرنست هێمنگوەی، کە بە لای منەوە هەموو کارەکانی شاکارن، ئەو ڕۆمانەیە کە بە ئینگلیزی ناوی "For whom the bell tolls" ە و سویدییەکان کە وەریانگێڕاوە کردوویانەتە: زەنگ بۆ تۆ لێدەدا" و عارەبەکانیش کردوویانەتە: "لمن تقرع الاجراس". لە ڕاستیدا ئەو زەنگە بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەوروپا بووە لەو مەترسییانەی کە لە بەردەمیدا بوون و دوایی هاتنە دی و ئێستاش لە بواری تردا زەنگی ئاگادارکردنەوە بۆ ئەوروپا لێدەدرێ، لەوانە مەترسی ئەوەی قیپتە میسرییەکان لە ترسی شەپۆلی ئیسلامەتی، بەرەو ئەوروپا کۆچ بکەن، یا ئەگەر تەختی عەلەوییەکان لە سووریا وەرگەڕێ، تۆڵەیان لێبکرێتەوە و پەنا بۆ ئەوروپا بەرن، یا کورد لێی بقەومێ و بە جارێ بیست، سێی ملیۆن ڕوو لە هەندەران بکەن یا تورکیا بچێتە یەکێتی ئەوروپاوە و ئیدی بە هۆی زاوزێی زۆری ئەو میللەتانەوە، ئەوروپییەکان خۆیان لە وڵاتی خۆیاندا ببنە کەمینە و پەرلەمان و دەسەڵاتی حکومەت بکەونە دەستی ئەو ڕۆژهەڵاتیانەوە کە لە دەستی بێسەروبەرەیی خۆیان پەنایان بۆ ئەوروپا بردووە!

زەنگ لە جیهانی مەسیحیدا باوە و خەڵک بۆ مردنی کەسان و لێقەومان و کارەساتی وەک ئاگرکەوتنەوە

و کاتی عیبادەت و کۆبوونەوە ئاگادار دەکاتەوە و پێشتریش لە کاتی هاتن و هێرشی دوژمندا، زەنگیان لێداوە و خەڵکیان بۆ خۆقایمکردن و بەرگریکردن یا ڕاکردن ئاگادار کردۆتەوە. لای ئێمە، نەختێ بە لاوازییەوە بانگدان، کە ئەویش دیاردەیەکی دینییە، جێی گرتۆتەوە. ئەو زەنگەی هێمنگوەی ئاماژەی پێکردووە، زەنگی ئاگادارکردنەوەیە کە لە سەر کەنیسەکانەوە لێدەدا و خەڵک وریا دەکاتەوە و دەکرێ ئێمە بیکەینە بانگ، بەڵام بە هیچ شێوەیەک نابێتە زەنگوڵە! بە هەرحاڵ، من مەبەستم ناوی ڕۆمانەکەیە و دەمەوێ نەختێ لە سەری بوەستم و لێی بدوێم:

لە دەقەکەی هێمنگوەی خۆیدا، یەک زەنگە... واتە تاکە نەک کۆ. لە سەر شێوەی پرسیاریش نییە، بەڵام لە عارەبییەکەدا زەنگەکان (کۆ)ن نەک تاک. ئەگەرچی لە عارەبییەکەدا بۆنوبەرامی پرسیار هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە پرسیار نییە، چونکە: ١ـ نیشانەی پرسیار لە بەردەمیدا نییە و ٢ـ ئەو (من ـ مەن)ە عارەبییە ناکاتە (کێ)ی کوردی بەڵکو دەکاتە "ئەو کەسە" و "ئەو کەسانە" یا "ئەوەی". چۆن: "ألی من یهمه الامر..." کە بە ئینگلیزی دەبێتە: (to whom it may concern) پرسیار نییە، ئاوهاش (For whom the bell tolls) پرسیار نییە و خاوەن دەقەکە زانیویەتی بۆچی نیشانەی پرسیاری دانەناوە و کوردەکە نەیزانیوە بۆ داینەناوە... لەو ڕستە عارەبییەدا ـ الی من یهمه الامر... مەبەستیان پرسیار نییە، بەڵکو مەبەستیانە بڵێن بۆ کەسی پەیوەندیدار، ئاوهاش "لمن..." واتە بۆ ئەوەی یا ئەوانەی یا ئەو کەس یا کەسانەی نەک بۆ کێ!. ئەگەر هێمنگوەی مەبەستی پرسیار بوایە دیارە ڕستەکە دەگۆڕاو دەبووە (For whom the bell does toll?) و نیشانەشی بۆی دادەنا و ئەوجا واتاکە دەگۆڕاو بێ هیوایی لێ بەدی دەکرا: زەنگ بۆ کێ لێ دەدەی؟! چما کەس ماوە زەنگی بۆ لێبدرێ؟!

بە پێی تێگەیشتنی من، وەرگێڕانی ناوی ئەو ڕۆمانە دەبێتە "بۆ ئەوانەی زەنگیان بۆ لێدەدرێ" نەک "زەنگەکان بۆ کێ لێدەدرێن..." کە لە کوردیدا پرسیارە و نیشانەکەشی دیار نییە. دەڵێم پرسیارە، چونکە ئەو "کێ"یە کوردییە تەنها لە پرسیاردا جێی دەبێ. لە ناوی کتێبەکەدا پرسیار لە ئارادا نییە، بەڵام ڕاستیشە، بە تایبەتی لە عارەبییەکەدا، لە ڕواڵەتدا بە پرسیار دەچێ و بۆتە ماسییەکی خز و لووس و بە زەحمەت دەست لێی گیر دەبێ. زەنگ لە کوردیدا لەبەر ئەوە بۆتە کۆ، چونکە عارەبەکان کردوویانەتە کۆ و ئێمەش سووک و باریک بە دوای دەستیاندا ڕۆیشتوین و تێکەوتووین.

سویدییەکان، کە ناوی ئەو ڕۆمانەیان کردۆتە : "زەنگ بۆ تۆ لێدەدا" زۆر لە عارەبییەکە و کوردییەکە گونجاوتر و لەبارترە، ئەگەرچی لای سویدییەکان ئاساییە ناوی کتێب بگۆڕن، بەڵام لە پەنایەکەوە کە بۆ زانیاری تەرخان دەکرێ، بە وردیی ناوە ئەسڵییەکەش دەنووسن. بۆ نموونە:

"ئینجە مەمەد"ی یەشار کەمال کە لە کوردیدا کراوەتە حەمەدۆک، بە باوەڕی من دەبوو حەمەباریک یا حەمەلەڕ یا حەمەسیس بوایە، چونکە حەمەدۆک دەشێ کابرایەکی زەبەلاح بێ، بەڵام بە هۆی نەبونیی و نەداریی و پەراوێزیی خۆیەوە لە کۆمەڵگە، پێی بگوترێ حەمەدۆک. سویدییەکان بە جارێ گۆڕیوایانە و کردوویانەتە: "با دڕکەکان بسووتێن" و بەشێکی تری ئەو سیانییەی یەشار کەمال کە بە تورکی ناوی (گیای نەمران یا گیای نەمر)ە سویدییەکان کردوویانەتە (ئەو گیایەی کە هەرگیز نامرێ). لەگەڵ ئەوەشدا، کە بەرهەمەکانی یەشار کەمال بە سویدی دەخوێنیتەوە، تەنانەت بۆنوبەرامی کوردیشی پێوە دیارە و تام و چێژی خۆی لە دەست نەداوە وەک ئەوەی ڕستەی خەبەری بکرێتە پرسیار.

دەکرا ناوی ئەو ڕۆمانەی هێمنگوەی بکرێتە زەنگ یا زەنگلێدان یا بانگ یا وەک کۆڵهەڵگرەکانی سلێمانی هاواریان دەکرد: خەبەردار یا وەک کۆڵهەڵگرەکانی کەرکووک هاواریان دەکرد: بالەک و بالێک(!!)، یا

بۆ ئەوانەی زەنگیان بۆ لێدەدرێ یا بۆ ئەوانەی زەنگ ئاگاداریان دەکاتەوە... بەڵام (زەنگەکان بۆ کێ لێدەدرێن...) نا!! جگە لەهەموو ئەوانەش (مەبنی للمجهول) لەناوە ئینگلیزییەکە و سویدییەکەدا نییە، بەڵام لە عارەبییەکە و کوردییەکەدا هەیە و جیاوازی لە نێوان (لێدەدرێ) و (لێدەدا) ئاشکرایە.

فارسەکانیش، وا بزانم کردوویانەتە (زنگها برای کە بە سدا درمیایند) و هەر دەڵێی لە عارەبییەوە کردوویانەتە فارسی! ئەگەر ناوی ڕۆمانەکە ئەو کێشەیە دروست بکات دەبێ ناوەڕۆکەکەی چۆن بێ، جا چ لە فارسییەکە و چ لە عارەبییەکە و هەڵەی کوردییەکەش وەک دەڵێن (تەحسیلی حاسڵە). نەختێ شارەزاییم لە وەرگێڕانی سویدیدا هەیە و دەزانم چەند بە دەستپاکی بەرهەم وەردەگێڕن، بەڵام ئەو باوەڕەم بە وەرگێڕانی عارەبی و فارسی نییە، بۆیە کەمجار بۆ خوێندنەوە بە لای وەگێڕانێکدا دەچم لە بنەڕەتدا بەرهەمی فارسی نەبێ و کرابێتە فارسی، ئەوجا کوردی، عارەبیش بە هەمان شێوە.

کتێبێکی (جاک لەندەن Jack London)م لە سویدییەوە کردە کوردی، بەڵام بە بێ ئاگاداری من لە بەرگەکەی نووسیبوویان (جاک لندن) کە ئەوەش دیاری زمانی عارەبییە و کورد بە بێ بیرکردنەوە وەریگرتووە و بە سەر مندا شکایەوە! ئاخر بۆچی لندن بێ و لەندەن نەبێ کە کورد دەیڵێ؟! یا وەک ئەوروپییە نائینگلیزەکان دەیڵێن، بۆچی (لۆندۆن) نەبێ؟!

ڕاستە وەرگێڕان پڕێتی لە داوی ورد و درشتی نادیار و شاراوە و ڕەنگە منیش، کەم یا زۆر، تێکەوتبم یا تێبیکەوم بە تایبەتی لە وەرگێڕانی زمانێکی قورسی وەک عارەبییەکەی مامۆستا مەسعود محەمەد و بابەتی قورسی وەک بابەتی فەلسەفەدا، بەڵام ئەوە بیانوو نییە بۆ هەڵەی گەورەی وەک (لندن) یا ناوی کتێبی زەنگ یا چۆلەکەکان لە ئاسمان ڕیشیان دەتاشن و (تحلیق) بکەیتە ڕیشتاشین!!

بە باوەڕی من، یەکەم پێویستیی بۆ وەرگێڕانی هەر بابەتێک بۆ کوردی، زانینی کوردییە و ئەم یەکەمایەتییە نابێ بکرێتە دووەم یا سێیەم، چونکە کورتهێنان لە کوردیدا پاشاگەردانییەک دروستدەکات مەگەر مردوو بەخیلیی پێ بەرێ. بەش بە حاڵی خۆم، زۆر جار بە نیازی خوێندنەوە کتێبم بە دەستەوە گرتووە، بەڵام دوای خوێندنەوەی یەک دوو لاپەڕە، وازم لێی هێناوە، هۆیەکەش ناشرینیی زمانەکەی بووە. هەر بۆ نموونە، بابەتێک ئەمە سەرەناوەکەی بێ، کێ تاقەتی خوێندنەوەی دەبێ: "سێ یاسا بە بێ پەسەندکردنی لە لایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، کە دەبوو وابێ: سێ یاسا بە بێ پەسەندکردنیان لە لایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە. ئاخر لەیەک مانشێتدا ئەو هەموو هەڵەیە ئەوە دەگەیەنێ کە گوێ بە زمان نەدراوە و منیش و تۆش منەتمان بە هیچ!

دووەم، کە ئەویش نابێ ببێتە سهێیەم، زانینی زمانی ئەو بەرهەمەیە کە پێی نووسراوە. سێیەمیش شارەزاییە لە نەریتی ئەو میللەتەی کە بەرهەمەکەیان بۆ نووسراوە، با شارەزاییەکی کەمیش بێ. واتە، دەبێ بزانین لە ڕۆژاوا و لە هەموو جیهانی مەسیحیدا زەنگ بۆچی لێدەدرێ. نەزانین، دوور نییە بیکەینە زەنگوڵە یا کاتژمێری خەبەربوونەوە... ئەوانیش، واتە ڕۆژاواییەکان دەبێ بزانن "بەرهەڵبێنە" چییە و چۆن و بۆچی بەکار دەهێندرێ نەک وەک خانمێکی کورد بە هۆی نەشارەزاییەوە بۆ "بەر"ی بگێڕێتەوە و بە بێئەدەبی حیسابی بکا! خۆ ڕەنگیشە بە (بەر هەڵبێنە)ی زانیبێ کە نازانم چ دەگەیەنێ!! لە بیرم نییە لە کوێم خوێندۆتەوە کە ناوی پیرەمێردی شاعیریش بە فارسی کراوەتە (شوهەری پیر) واتە مێردی پیر! ئاخر کەسێ بەزەیی بە زمانی کوردیدا نەیێتەوە ئاوهای لێ دەکا!!